# هەرکەسێک خۆی بە خەڵکانێک بچوێنێت؛ ئەوا بە یەکێک لە ئەوان دادەنرێت

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک خۆی بە خەڵکانێک بچوێنێت؛ ئەوا بە یەکێک لە ئەوان دادەنرێت».

[حەسەنە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک خۆی بە خەڵکانێک بچوێنێت لە کافرەکان یان فاسقەکان یان چاکەکاران -بەوەی شتێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوان پەیڕەو بکات لە بیروباوەڕەکان یان پەرستنەکان یان نەریتەکان- ؛ ئەوا بە یەکێک لە ئەوان دادەنرێت، چونکە خۆچواندن پێیان دەبێتە هۆی خۆچواندن بەئەوان لەناخدا، وبێگومان خۆچواندن بەکەسانێک ئاماژەیە بۆ سەرسامبوون پێیان، ولەوەیە ببێتە هۆی خۆشویستنیان و بەگەورەدانانیان و مەیل بۆیان ودۆستایەتی کردنیان، وئەمە سەرەنجام لەوەیە ببێتە هۆی خۆچواندن بەئەوان لەدڵ وپەرستندا -پەنا بە خوای گەورە-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5353